

# دایکانی خاوەن منداڵی پێکەوتە بە فرمێسک گوزارشت لە ئازارەکانیان دەکەن

بەپێی جاڕنامەی مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە لە ساڵی (١٩٧٥) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، پێویستە لەسەر حکومەت چاودێری دەروونی و پزیشکی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دابین بکات، بۆ دووبارە ئامادەکردنیان و ڕێنماییکردنیان بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان تا ڕادەی ڕەخساو، کەسی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە زۆر جار بە کەمئەندام ناوی دەبەن، مافی ئەوەی هەیە بە گوێرەی توانای خۆی کاری بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی لە سەر خێزان و حکومەت نەبنە بارگرانی، هاوکات زۆربەی دەروونناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەوانەی بەهۆی زگماکییەوە، یان بە هۆی هەر ڕووداوێکی سرووشتی و مرۆیی بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە، لە پرۆسەی ژیان دانەبراون، بەڵام بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەییەوە کۆمەڵێك گرفت و بەربەست ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیش بەخێوکردن و خزمەتکردنیانە کە دایکان لەم ئەرکە گرانە پشکی شێریان بەردەکەوێت. لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕاوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

چیمەن بەرزنجی کە دایکی منداڵێکی تووشبووی (ئۆتیزم)ـە، هەر لە سەرەتای قسەکانیدا فرمێسکە قەتیس ماوەکانی نێوچاوی بە سەر گۆنایدا دێتەخوارێ و بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت: «موعاناتی دایکانی کەمئەندام هەر زۆر زۆرە و تەواو نابێ، کچەکەم تەمەنی ١٦ ساڵە، ١٦ ساڵیشە من لە ماڵەوەم، لە سلێمانی سەنتەرێکی ئۆتیزم هەیە، بەڵام بەپێی پێداویستی ئەو منداڵانە نییە، ماوەی چەند ساڵە من لەگەڵی هەوڵدەدەم، فێری بکەم خۆی بشوات و خۆی پاك بکاتەوە، بەڵام بێسوود بووە، تاوەکو ئێستا خۆم پاکی دەکەمەوە، ئێمەی دایکان کە منداڵی پەککەوتەمان هەیە، چوونە دەرەوە و سەردان و سەیرانمان لێ حەرام بووە، تەنانەت ناتوانین بۆ ماڵە باوك و برا و خوشکمان بچین، بە کورتی لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەشین، منیش ئەوە ١٦ ساڵە لەناو چواردیواری ماڵەکەم خۆم و ئەو منداڵەم زیندانین، تەنانەت فریای ئەوە ناکەوم خزمەتی منداڵەکانی دیکەم بکەم، منداڵەکەم لایەنی هۆشی زۆر لاوازە، خۆی لە مەترسی لانادات، ناتوانێ خاوێنی خۆی رابگرێت، ئەوەش کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردووین، هەرچەندە هاوسەرەکەشم یارمەتیدەرمە، بەڵام کێشەمان شتێکی درێژخایەنە و لەوانەیە تا مردنمان بەردەوام بێت.»

ئەو دایکە دوای ئەوەی فرمێسکەکانی بە گۆشەی لەچکەکەی دەسڕێتەوە، داوادەکات سەنتەرێکی مۆدێرنی ئۆتیزم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی تووشبووان بەو نەخۆشییە راهێنانیان پێ بکەن، فێریان بکەن خۆیان خاوێن بکەنەوە و خزمەتی خۆیان بکەن، گوتیشی: «ئەگەر ئەوە نەکرێ، ئەوا دوای مردنی ئێمە ئێمە لەوانەیە بکەونە سەر شەقامەکان و کەسانی نەفسنزم تەعەدایان لێ بکەن، بڕوابکەن هەموو دایك و باوکی منداڵی لەو جۆرە وەکو شێتیان لێهاتووە و تووشی دەیان گرفتی دەروونی بوون، دایکی وا هەیە خەریکە خۆی ئینتیحار دەکات، دایك و باوکمان هەیە، خەریکە بە هۆی منداڵەکەیانەوە جیادەبنەوە، هەروەها خێزان هەیە دوو سێ منداڵی وای هەیە، دووانی بردۆتە دەرەو و یەکێکی لێرە ماوەتەوە، ئەوەش جۆرێکە لە جیابوونەوە. من فەرمانبەر بووم و ئێستا هاوکارەکانم بەڕێوەبەری گشتین، کەچی من بە هۆی کچەکەمەوە وەزیفەم لەدەست دا.»

شیرین سابیر وەك خۆی باسیدەکات دایکی دوو منداڵی تووشبوو بە نەخۆشی تالاسیمیایە، ئەو دایکە بە حەسرەتەوە گوتی: «مانگی دووجار لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکانم بۆ چەندین کاتژمێر لە نەخۆشخانە دەمێنمەوە تا خوێنیان تێدەکرێت، ئینجا تووشی دەیان گرفتیش دەبینەوە، چونکە خوێنی هەردوو منداڵەکەم ناقسە، زۆرجار خوێنمان دەستناکەوێ، ناچارین پەنا بۆ دۆست و برادەر ببەین، لە کاتی خوێن وەرگرتنیش زۆر جار سۆندەی کانولە دەگیرێ، یان بە خوێنەکە تووشی هەستەوەری دەبن، یانیش لە بن خوێنەکە تووشی لەرز و تا دەبن، بۆیە هەر رۆژێکم مەرگە و شەو نییە خەو بە چاکبوونەوەیان نەبینم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نزیکەی ساڵێکە مووچەیان پێنەدراوە.»

چنوور مەغدید دایکی کچێکی مەنگۆڵە، وەك خۆی باسیکرد کچەکەی تەمەنی ١٧ ساڵە و لایەنی ژیریی زۆر خراپە و تا ئێستا دایبی بۆ دەبەستێت. گوتیشی: «کچەکەم هەمیشە گۆشەگیرە، حەز بە قەرەباڵغی ناکات و تەنانەت تێکەڵی خوشك و براکانیشی نابێت، وام لێهاتووە نەتوانم بەشداری شین و شایی عەزیزانیشم بکەم، بەڵام گرفتی لەوانەش گەورەترم هەیە، کچە بێ بەختەکەم کە مانگانە دەکەوێتە سووری مانگانە، نازانێ پارێزگاری لە خۆی بکات، دواجار بڕیاری ئەوەمانداوە لەم چەند رۆژی داهاتوودا دکتۆر منداڵدانەکەی بۆ لاببات، باوەڕتان ببێ مانگانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار دینار بۆ دایبی و کلینسی تەڕ سەرف دەکەم، لە کاتێکدا خۆم ژنی ماڵەوەم و هیچ داهاتێکم نییە، لێرەوە داواکارم حکومەت ئەو بارە گرانەمان لەگەڵ هەڵبگرێت، چونکە ئێمەی دایکان بە تەنیا لە هەقی ئەو بارە قورسە نایێین.»

نیشتمان محەممەد دایکێکی دیکەیە کە کچێکی ئۆتیزمی هەیە، ئەو رایوایە: «منداڵەکانی ئۆتیزم لە بواری دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتی زۆر مەغدوور و بێبەشن، تەمەنیان بەرەو گەورەبوون، دەڕوات، بێئەوەی بتوانین هیچیان بۆ بکەین.» گوتیشی: «کچەکەی من تەمەنی ١٤ ساڵە و ١٤ ساڵە لە ژوورەوەیە، هیچ هەوڵێك بۆ باشتربوونی لەلایەن حکومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان نەدراوە، ئەوەش گرفتێکی گەورەی خێزانەکەمانە نەك تەنیا بۆ من و باوکی، بەڵکو کاریگەری خراپی لەسەر خوشك و براکانیشی دروست کردووە. لە راستیدا گرفتەکانمان هەژمار ناکرێ و ئەگەر پشتگیریمان نەکرێت، ناتوانین بەتەنیا ئەو بارە قورسە هەڵبگرین، منداڵی ئۆتیزم بە دەرمان چارەسەر ناکرێ، چارەسەری ئەو راهێنانە، راهێنانیش شارەزایی و پسپۆڕی خۆی پێویستە، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی خۆمان ئەو کەسانەی راهێنان ئەنجام دەدەن، کەسانی بەتوانا و شارەزا و پسپۆڕ نین، ئەرکی سەنتەر ئەوە نییە منداڵەکان لە ژوورێك بکات و بیانخەوێنن، ئێمەی دایکان توانای ئەوەمان هەیە منداڵی خۆمان بخەوێنین، بەڵکو پێویستە راهێنانیان پێ بکرێ و فێری ئەوەیان بکەن نان بە دەستی خۆیان بخۆن، منداڵ هەیە تائێستا ناتوانێ نان بەدەستی خۆی بخوات.»

بەپێی ستانداری جیهانی دەبێ رۆژانە ٧بۆ٨ کاتژمێر راهێنان بە منداڵی ئۆتیزم بکرێ، سەرەڕای ئەمانەش هاوینان ٣مانگ پشووە، لە کاتێکدا منداڵی ئۆتیزم هەتا کۆتایی ژیانی نابێ لە راهێنان دابڕێ، ئەم سەنتەرانە لە تەمەنی ٥ بۆ ١٣ساڵی منداڵ وەردەگرن، واتە گەنجە ئۆتستیکەکان لە راهێنان و مەشق بێبەش دەکرێن، ئەوەش گەورەترین کێشە بۆ خێزانەکان دروست دەکات، چونکە هەتا منداڵەکە گەورەتر دەبێت لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا کێشەکەی گەورەتر دەبێت و کۆنترۆڵکردنی سەختتر دەبێت. منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم سەرەڕای حاڵەتەکەی خۆیان، چەندین کێشەی تەندروستییان هەیە، بەردەوام کێشەی ددان

**ئێمەی دایکان کە منداڵی پەککەوتەمان هەیە، چوونە دەرەوە و سەردان و سەیرانمان لێ حەرام بووە، تەنانەت ناتوانین بۆ ماڵە باوک و برا و خوشکمان بچین**

**خوێنی هەردوو منداڵەکەم ناقسە، زۆرجار خوێنمان دەستناکەوێ، ناچارین پەنا بۆ دۆست و برادەر ببەین، لە کاتی خوێن وەرگرتنیش زۆر جار سۆندەی کانولە دەگیرێ، یان بە خوێنەکە تووشی هەستەوەری دەبن، یانیش لە بن خوێنەکە تووشی لەرز و تا دەبن، بۆیە هەر رۆژێکم مەرگە و شەو نییە خەو بە چاکبوونەوەیان نەبینم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نزیکەی ساڵێکە مووچەیان پێنەدراوە**

**منداڵی ئۆتیزم هەتا کۆتایی ژیانی نابێ لە راهێنان دابڕێ، ئەم سەنتەرانە لە تەمەنی ٥ بۆ ١٣ساڵی منداڵ وەردەگرن، واتە گەنجە ئۆتستیکەکان لە راهێنان و مەشق بێبەش دەکرێن، ئەوەش گەورەترین کێشە بۆ خێزانەکان دروست دەکات**

ئێشەیان هەیە، چونکە زۆربەیان ددانی شیرییان ناکەوێ، مەگەر بە نەشتەرگەری لابریت، هەروەها بەهۆی جۆری خواردن و باش هەزمنەکردنی بەردەوام کێشەی گەدە و کۆلۆنیان هەیە، هەندێکشیان کێشەی گوێ و چاو و دڵیان تووش دەبێت، بۆیە پێویستە نەخۆشانی ئۆتیزم سەر بە وەزارەتی تەندروستی بوونایە، نەك وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

هەر سەبارەت بە هەمان پرس تویژەری دەروونی هێمن ساڵح دەڵێت: «دایك یەکێکە لەو کاراکتەرانەی کە پێناسە نەکراوە، ئەوەی دایك بۆ منداڵ و کۆرپەکانی دەیکات، هیچ کۆمەڵناس و دەروونناسێك نەیتوانیوە لە رووە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەسفی بکات، چونکە دایك لەو دیوی ویژدانەوە بیردەکاتەوە و هەمیشە وەکو پێشمەرگەیەك مەرگی پێش ژیانی منداڵەکانی ختسووە، لەو چوارچێوەیەشدا بێگومان ئەو دایکانەی کە خزمەتی کۆرپە کەمئەندام و خاون پێداویستییە تایبەتییەکان دەکەن، کێشە و گرفتیان زۆر گەورەترە، چونکە ئەوانە دوو دایکن و وەکو دوو کاراکتەری دایکایەتی خزمەت بە منداڵە کەمئەندامەکەیان دەکەن، لێرەشدا دۆخی ژیانی ئەوانە زۆر پێویستی بە هاوکاری هەیە، چ لەلایەن هاوسەر و منداڵەکانی دیکەیەوە بێت، چ لەلایەن حکومەتەوە کە گرینگە ئەو ئەرکە گەورەیەی کە ئەو جێبەجێی دەکات، وەکو خزمەتێکی حکوومی بێت، هێندەی ئاگاداربم لە ئێستادا ئەو منداڵانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن و رێژەکەیان بەرزە، حکومەت مۆڵەتی داوە بە دایکەکە و وەکو ئەرکێکی خزمەتی حکوومی سەیری دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەزاران دایکی دیکەمان هەیە کە فەرمانبەر نین و ئەو بەرپرسیاریەتییە قورسەیان لەسەر شانە، بۆیە پێویستە ئەوانیش مووچە و پێداویستی تایبەتی منداڵە کەمئەندامەکەیان بۆ دابین بکرێت، چونکە ئەوانە جگە لەوەی وەکو هەر منداڵێکی دیکە پێویستیان بە خۆراك و خواردن هەیە، ئەرکێکی دیکەیان ئەوەیە کە دەبێت زۆر پێداویستی پاککەرەوە و بەردەست و خۆراکی تایبەتیان پێبدرێ، کە ئەوەش رنگە بۆ خێزانێکی کەمدەرامەت زۆر قورس بێت و ئەرکی دایکەکە هێندەی دیکە قورس بکات، لەبەرئەوە گرینگە لە هەموو بوارێکدا ئەو دایکانە وەکو ئەو چۆن منداڵە کەمئەندامەکەی خزمەت دەکات، بە هەمان شێوە ئەویش خزمەت بکرێت.»

لەلای خۆیەوە پەیمان عەبدولکەریم بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی کەمئەندامانی هەولێر بۆ گوڵان گوتی: «وەکو بەڕێوەبەرایەتی کەمئەندامانی هەولێر چوار پەیمانگە و دوو سەنتەرمان هەیە کە تایبەتن بە خزمەتکردنی کەمئەندامان، نزیکەی ٥٥٠ کەمئەندام لای ئێمە سوودمەندن، واتا لە پەیمانگە و سەنتەرەکانمان وەرگیراون، کە لە رێگەی لیژنەی پزیشکی و مەرج و رێنماییەکان وەردەگیرێن، ئێمە ناتوانین بڵێین خزمەتکردنیان لە ئاست وڵاتانی پێشکەوتوودایە، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا کە لە بارودۆخێکی ناهەمواردایین، ئەویش بە هۆی قەیرانی دارایی لەلایەك و شەڕی نەخوازراوی داعش، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو چین و توێژێك دروستکردووە، ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، بەو قەناعەتە دەگەین کە حکومەتی هەرێم تا ئاستێکی باش خزمەتی پێشکەش کردوون و حیسابێکی تایبەتیان بۆ کراوە، لە سەرووی هەموویانەوە دایکانی فەرمانبەر مۆڵەتی یەکجارەکی بە مووچەیان پێدراوە، بێ ئەوەی هیچ لە مووچەکەیان کەم ببێتەوە، لە ماڵەوە دانیشتوون و خزمەتی منداڵە کەمئەندامەکەیان دەکەن، هەروەها کەمئەندامان بە هەمان ماف و ئیمتیازاتی پەروەردە دەخوێنن و بڕوانامە وەردەگرن، جگە لەوەی رۆژانە راهێنانی جەستەییان پێدەکرێت، وێڕای ئەوەی ساڵانە نزیکەی ٦٠ پاس بۆ هاتوچۆی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، هەروەها مانگانە لەلایەن حکومەتەوە بڕی ٣٠ هەزار دیناریان وەکو خەرجی گیرفان بۆ سەرف دەکرێت.»

**مانگانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار دینار بۆ دایبی و کلینسی تەڕ سەرف دەکەم، لە کاتێکدا خۆم ژنی ماڵەوەم و هیچ داهاتێکم نییە، لێرەوەداواکارم حکومەت ئەو بارە گرانەمان لەگەڵ هەڵبگرێت، چونکە ئێمەی دایکان بە تەنیا لە هەقی ئەو بارە قورسە نایێین**

**ئەرکی سەنتەر ئەوە نییە منداڵەکان لە ژوورێك بکات و بیانخەوێنن، ئێمەی دایکان توانای ئەوەمان هەیە منداڵی خۆمان بخەوێنین، بەڵکو پێویستە راهێنانیان پێ بکرێ و فێری ئەوەیان بکەن نان بە دەستی خۆیان بخۆن، منداڵ هەیە تائێستا ناتوانێ نان بەدەستی خۆی بخوات**

**من فەرمانبەر بووم و ئێستا هاوکارەکانم بەڕێوەبەری گشتین، کەچی من بە هۆی کچەکەمەوە وەزیفەم لەدەست دا**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# وەگەڕخستنی نیوە زیندووەکەی کۆمەڵ لە ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگەدا چ ڕۆڵێکی دەبێت؟

**بە حوکمی ئەوەی بەشداریی عەقڵی ئافرەت لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، سیاسی و ئابووریدا ڕۆڵێکی گەورە لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا دەبینێ، نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارێکیدا ساڵی رابردووی وەك ساڵی کچان لە جیهان دەستنیشان کرد. ئەو بایەخدانەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵگری پەیامێکی گەورەیە بۆ برەودان بە تواناکانی کچان و بەشداری پێکردنیان لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و سیاسی و هەروەها هاندانی کۆمەڵگەی جیهانی بوو بۆ ئەوەی بەشداریکردنی ئافرەت لە دروستکردنی سیاسەتدا بە هەند وەربگرن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە بارەی ئەو پرسە گرینگەوە راوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.**



نەرمین عوسمان ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق، ئاماژە بەوە دەدات کەوا لە پێناو بایەخدان بە بەشداری عەقڵی ئافرەت لە دروستکردن و بەشداریکردنی لە دارشتنی سیاسەتی کۆمەڵگـە، نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵێك واتا ساڵی ٢٠١٥ بۆ برەودان بە تواناکانی کچان و بەشداری پێکردنیان لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و سیاسی لە سەرووی هەموویانەوە ناوەندەکانی بڕیاردان و دارشتنەوەی یاسا و بەرنامە بۆ خودی کچ تەرخان دەکات، گوتیشی: «دەکرێ لە هەرێمی کوردستانیش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی فعلی ئافرەت لە بوارە جیا جیاکان ئەو ساڵە ببێتە هاندەرێك بۆ داماڵینی کۆمەڵگە لە سیاسەتی پیاوسالاری، بۆئەوەی ئافرەتانیش وەك تاکێکی یەکسانی کۆمەڵگە، گوتار و بڕیار و بۆچوونی خۆیانیان لەسەر مەسەلەکان هەبێت، ئەوەش بە چەند قۆناغێك دەستپێدەکات لەوانە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری کچان و ئافرەتان لە کاتێکدا رێژەی ئافرەتی نەخوێندەوار لە هی پیاو زیاترە، تەنانەت بەهۆی نەریتی کۆمەڵایەتی و ئامادەنەکردنی ژێرخانێك بۆ پەروەردە و فێرکردنی کچ، کچان کەمتر خوێندن تەواو دەکەن، وێڕای زەمینەسازی بۆ هێنانە ناوەوەی ئافرەت بۆ ناوەندەکانی حوکمڕانی و دەسەڵات بە گشتی.»

ئەو خانمە سیاسەتکارە رایوایە «بەوپێیەی کۆمەڵگە لە ژن و پیاو پێکدێت ئەگەر ژن بەشداری نەبێت لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ئەوا کۆمەڵگەیەکی ناتەواو و ناتەندروست بەرهەم دێت، چونکە خوێندنەوەی ژن لە زۆر رووەوە لەگەڵ هی پیاو جیاوازە، بڕیارەکانی ئافرەت نەرمن و دوورە لە توندوتیژی نواندن، بۆ نموونە ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی ئاشتیخوازە و رقی لە شەڕ و ئاژاوە نانەوەیە، سیاسەتکردن لای ئافرەت سیاسەتیکی رەق و وشك نییە، لەکاتێکدا وەك لە رابردوودا بینرا لە شەڕەکاندا ئافرەت و منداڵان بوونە قوربانی، ئافرەت خەمی منداڵ و هاوسەر و برایەکەیەتی، نایەوێ هیچیان لە دەستبدات و لە ئەنجامدا پەنا بۆ سولح و ئاشتی دەبات، جگە لەوەی یەکێك لە پێوەرە هەرە گرنگەکانی پێشکەوتن و دیموکراسی بەشداریکردی ژنە لە بوارە جیاجیاکان و بەبێ بەشداریکردنە دەوڵەتێکی دیموکراسی دروست نابێت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەرار نابێت، یەکسانبوونی هەلی بەشداریکردنی لەگەڵ پیاو بریتییە لە بوونی دەرفەتی یەکسان بۆ هەردوو رەگەز، لێرەوە لە پێناو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و پیشکەوتوو داواکارین لە بەشە بودجەی هەرێم بۆ ئەمساڵ بودجەیەکی کەم بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکرێ».

نووسەر و چاودێری سیاسی لوقمان بەرزنجی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەموو شتێك پانتایەکی سنووورداری هەیە لە قەوارەی باسکردن، تەنیا ئافرەت نەبێت کە بە جیهانیکی یەکجار بەهێزو و بەتوانا و جوان بێ سنوور پێناسە دەکرێن. دیارە ئەو چەند سیفەتە جوان و بەهادارانە لەو رەگەزە بەتەواوی دەرنەکەوت تا سەرهەڵدانی سەدەی بیست کە بە سەدەی کچانی خەباتکار پێناسە دەکرێ لەو سەدەیەدا سەدان ژنی پلەدار و هونەرمەند و ئەکتەرو دکتۆر و نووسەر و شاعیر و چالاکوانی مافی مرۆڤ و سیاسەتمدار و بیرمەندی گەورە و دادوەرو و وەزیر و سەرۆك وەزیر و سەرۆك کۆمار و ...تاد، توانییان پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆیان دابمەزرێنن لە کۆمەڵگەی خۆیان لە رۆژئاوا و ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت و کۆمەڵی وڵاتە سۆسیالزمەکان. لە کۆتایی سەدەی بیست هەر بە پشتیوانی و خەباتی ژنانی بەتوانا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانییان قەوارەی ئەو خەباتە فراوانتر بکەن و دەیان بڕیاری گرنگ لە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتوەکان لە پێناو بەرژەوەندی ژن بە بڕیار و ئەنجام بگەیەنن، دیارە دوابڕیاریش ئەوە بوو کە نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاریدا ساڵی ٢٠١٥ بکرێت بە ساڵی کچان لە جیهان . دەرچوونی ئەو بڕیارە هەرگیز وا ئاسان نەبووە، ئەگەر خەباتی بێ وچانی رێکخراوە نێوەدەوڵاتییەکانی ژنان و کچان خۆیان نەبوونایە بە پشتیوانی ئەو پیاوانەی هەمیشە باوەڕیان بەو حەقە هەبووە کە دەبێت رەگەزی مێنە هەیبێت و لەو مافەی خۆی بێبەش نەکرێت،

دیارە ئەو بڕیارەی نەتەوەیەکگرتوەکان بە دەستنیشانکردنی ساڵی ٢٠١٥ بە ساڵی کچانی جیهان تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی مرۆڤایەتی نییە . بەڵکو کۆمەڵێك ئەجندای گرنگی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، لەوانەش بەشدارییپێکردنی کچانی و ژنانی بەتوانا لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بەرەو پێشەوە بردنی وڵات لە رووی ئیداری و زیادکردنی بەرهەم و بەرز بوونەوەی کێرفی هوشیاری و کردنەوەی زۆرێك لەو گرێ کوێرانەی کە کۆمەڵگە لە بەرامبەر کچانی گەنج هەیانە و پەیوەندییەکی پتەو و لەسەر بنەمایەکی یاسایی و رۆشەنبیری لە نێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بنیات دەنرێت. گونجاندن و وەگەڕخستنی نیوە زیندووەکەی کۆمەڵ واتە کچان و ژنان لە ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگە و تەقاندنەوەی تواناو هێزەکانیان رۆڵی سەرەکی دەبێت. کەواتە دەبێت ساڵی ٢٠١٥ ساڵی پڕاکتیکردنی هێز و توانای کچان بێت لە هەموو بوارەکانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و تەنانەت سیاسیش.

ئێستا لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا تا رادەیەکی زۆر کچان مایەی بایەخ پێدانێکی زۆرن لە هەموو بوارەکانی ژیان و رۆڵیان بەتەواوی ئەکتیڤ کراوە، ئەوەش وایکردووە کە باری ئابووری ئەو وڵاتانە بەردەوام لە گەشەکردندا بێت، چونکە لەو کۆمەڵگەیەنەدا هیچ رەگەزێك بە سڕکردوویی نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە بەشێك لە بەرهەم و گەشەکردنی خێزان و کۆمەڵگە،. بەڵام ڕەوشی کچان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم تاکو ئێستا زۆرێك لەو دابونەرێتە کۆنانە هەر ماون لەگەل ئەوەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو جۆرە جموجۆڵێکی بۆ چاککردنی رەوشی ژنان لەو وڵاتانەدا بەخۆیەوە بینی، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو هەوڵانە نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست. راستیەك هەیە دەبێت هەموو نەتەوەیەك و کۆمەڵگەیەك بیزانێت ئەوەش ئەوەیە هەتا نیوەی ئافرەت وەك نیوە زیندووەکەی کۆمەڵ ئەکتیڤ نەکرێ و بەشداری ژیانی ئابوری و بووژانەوەو و سیاسەت و کاری ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و فیکری و ئەدەبی و ژیانی پەرلەمانی پێنەکرێ، ئەو کۆمەڵگەیە هەر بە کۆمەڵگەیەکی دواکەووتوو و نەزان هەژمار دەکرێ، هەرچەندە ئەو وڵاتە لە رووی سامانی سرووشتییەوە دەوڵەمەند بێت، هەر بەو چاوە تەماشا دەکرێ کە مافی زۆرێکی گرنگ لەو وڵاتە پێشێلکراوە . هیوادارم بۆ ساڵی ٢٠١٥ وەك ساڵی جیهانی کچان، حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان ئامادەبن و رۆڵێکی بەرچاویان بۆ ئەکتیڤکردنی کچان هەبێت».

نووسەر و روناکبیر محەمەد بێبەش لەدەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات «ئەگەر چاوێك بە سیستەمی سیاسی جیهاندا بگێڕین، دەبینین لەهەر وڵاتێك خانمان چالاکیی سیاسیان زۆر بێت، ئەوا ماف و ئازادییەکانیان زیاترە، لەهەر وڵاتێك ئەو مافەیان لێ زەوت کرابێ، بە پاساوی جۆراوجۆر، یاخود خانمان خۆیان هۆشیاری سیاسیان کەم بێت، ئەوا ماف و ئازادییەکانیان کەمبۆتەوە، هەروەك دەبینین لە وڵاتی ئێمەو ناوچەکە سیاسەتکردن یەك جەمسەرە، کەواتە دەسەڵاتیش بەهەمان شێوە تاك جەمسەرە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ خانمانی ئێمە لە رەوتی خەباتی رەگەزیی خۆیان دواکەوتوون، خانمان دەتوانن خۆیان هۆشیارتر و چالاکتر بکەن لە بواری سیاسی، تا بگەنە لوتکەکانی دەسەڵات و بڕیاردان، هەروەها ئەرکی خانمی حزبی جیاوازە لە ئەرکی

**بەشدارییپێکردنی کچانی و ژنانی بەتوانا لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی وڵات لە رووی ئیداری و زیادکردنی بەرهەم و بەرزبوونەوەی کێرفی هوشیاری و کردنەوەی زۆرێک لەو گرێ کوێرانەی کە کۆمەڵگە لە بەرامبەر کچانی گەنج هەیانە**

**ئەو بڕیارەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دەستنیشانکردنی ساڵێک وەک ساڵی کچان تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ئەجندای گرینگ لە خۆیدا هەڵدەگرێت**

**ئێستا لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا کچان مایەی بایەخ پێدانێکی زۆرن لە هەموو بوارەکانی ژیان و رۆڵیان بە تەواوی ئەکتیڤ کراوە، ئەوەش وایکردووە کە باری ئابووری ئەو وڵاتانە بەردەوام لە گەشەکردندا بێت، چونکە لەو کۆمەڵگەیانەدا هیچ رەگەزێک بە سڕکردوویی نەماوەتەوە**

پیاوێکی هەمان حزب، پیاوەکە تەنها کار بۆ چەسپاندن و فراوانکردنی حزبەکەی لە رووی ئایدیۆژییەوە لە دەرەوەی حزبەکەی دەکات، بەڵام خانمێکی حزبی دەبێ هەم لەناو خەڵکدا و هەم لەناو حزبەکەیدا خەبات بکات و کار بۆ بەدیهێنان و چاکسازی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و یەکسانی رەگەزی بکات.

رۆژنامەنووس و سەرنووسەری هەفتەنامەی کوردش گڵوب غازی حەسەن، دەڵێت: « کاتێك بمانەوێت باسی گەشەکردنی ئافرەت لە رووی فسیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بکەین، دەبێت باسی پێکهاتەی کۆمەل و کاریگەرییەکانی بەسەر تاك و خێزان بکەین. دەبێت باسی بەرهەمهێنان و کاریگەری ئابووری لەسەر کەسایەتی ئافرەت و کاردانەوە سایکۆلۆژیای ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە بکەین. ئافرەت هێندەی بەخشندەیە، دەهێندەش کۆمەلێك نهێنی لەناخی خۆیدا وەشاردووە، نهێنییەکانی ئافرەت بوون، نهێنییەکانی ئەو هێزە گەورەیەی کە دەتوانێت گەورەترین و مەزنترین پیاوە دەسەڵاتدارەکانی دنیا رایی بکات، نهێنی و ئازایەتی لە رووبەڕوونەوەی خواستە پیسەکانی پیاو، هەروەها نهێنی تەسلیم بوون و تێکشکان و دەستەمۆ بوون. ئەمانە هەندێك لە نهێنییە جیاجیاکان و هەورەها گرنگەکانی ئافرەتن.

کاتێك بمانەوێت باسی ئافرەت بکەین، دەبێت لە بیری نەکەین ئافرەت خودانی هێزێکی رۆحی و جەستەییە، تەنیا لە کاتی تووڕەبوون و دڵنەوایی پیاو دەتوانێت هەستی پێبکات. بەڵام ئافرەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا وەك بوونەوەرێکی راتەکێنراو و تەنانەت هەندێکجار وەکو کەلوپەل سەیر دەکرێت و کۆیلەی باوکسالاری و پێکهاتەی نەریتی کۆمەڵایەتییە».

ئەو میدیاکارە باسی ئەوەشی کرد کە ئەگەر سەیری ئابووریی کوردستان لە دە ساڵی رابردوو بکەین، دەبینرێت بزاڤێکی فرە و هەتا گۆڕانکارییەکی گەورەش لەمەڕ کەسایەتی ئافرەت لە ژێر کاریگەری بە جووڵە کەوتنی بازاڕ و پێویستی دەستی کار و کرانەوەی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی باڵابوونی پێویستی ئابووری و ژیان، دەرفەتێکی نوێ لە کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە، ئافرەت دەبێت، لەماڵ دەرکەوێت و لە شوێنە گشتییەکان کار بکات. کەواتە بزاڤی ئابووری کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە ژیانی ئافرەت و کەسایەتی ئافرەت دروست کردووە. ناکرێت ئەمە یەکلایەنە سەیر بکەین، بەڵام دەکرێت ئەمە بە سەرەتایەکی نوێ لە کەسایەتی ئافرەت و دوارۆژی ئافرەت لە کورستانی باشوور دابنرێت. گوتیشی: «لە پەروەردە هیچ جیاوازییەك لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ نییە، بۆیە دەکرێت منداڵی کچ هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت، دەبێت نیشان نەدرێت کە ئەو کچە بۆیە دەبێت هەمیشە لە پەنا و پەسێوان دەرکەوێت، لە ژووری قوتابخانە پلەی دوو بێت، لە گەشتوگوزار و دەرچوون بۆ ناو کۆمەلگە هەمیشە وەکو کەسێکی سەرکوتکراوی دەمکوتکراو مامەلەی لەگەڵ بکرێت. بەڵکو دەبێت لە وەرزش و هونەر و بواری رۆشنبیری بەشدار بێت. منداڵ وەکو جان جاك رۆسۆ دەڵێت: پێویستە لە باوەشی سروشت پەروەردە بکرێت، هەموو ئەو ئافرەتانەی بە سروشتی و لە نێو خێزانێکی کراوە و یەکسان گەشە دەکەن، ئافرەتێکی خاوەن ئیرادە و بەهێز دەبن. ئەو ئافرەتانەی لە دیوەخان و لە نێو کۆڕی پیاوان بەشدارن، خودانی کەسایەتییەکی بەهێز و کاریگەرترین لەوانەی دیوارێکی بەرز و پۆلاینیان لە نێوان پیاو وئافرەت بۆ دروست کراوە. دیارە ئەمە لە منداڵیش هەمان رۆل دەگێڕێت. لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا منداڵی کچ هەمان ماف و زەمینەی بۆ خولقێندراوە کە منداڵێکی کوڕ هەیەتی. زەمینەکە هەرچیەك بێت، واتە دەرفەتێکی یەکسان بۆ گەشەکردنی دەروونی و رۆشنبیری سێکسی و فسیۆلۆژی بۆ هەردوو رەگەز خولقێندراوە. ئەمە وایکردووە ئافرەت لە رووی کەسایەتی بەهێز و کاریگەرتر بێت لە وەبەرهێنان و گەشەپێدان و سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵ. بۆیە زۆر گرینگە لە منداڵییەوە بایەخ بە دروستکردنی زەمینەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەردوو رەگەز بدرێت. ئەم سەرەتایە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی ئافرەت ببێتە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و بڕیار دەر.

فاتیح رەئووف ئەحمەد،- ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سەرەتا رەخنە لەوە دەگرێت کە «لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی پێویست رۆڵ بە ئافرەت نەدراوە و تواناکانیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس کردوون، هەروەها لەسەر میلاکی حزبەکان دەستنیشان کراون، نەك پشت بە تواناو لێهاتووییان بەسترابێت، واتە هێندەی بیر لە بەرژەوەندی حزبەکە دەکەنەوە، نیو هێندە بیر لە بەرژەوندیی ئافرەت و مافەکانی ناکەنەوە ..لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئافرەتان لەلایەن حزبەکانەوە بۆ بەرژەوەندی حزبی و هەندێك جار لەپێناو بەرژەوەندی پیاوسالاری بەکار دەخرێن و ئەرك وماف و داواکارییەکانی خۆیان لەبیر دەبەنەوە». گوتیشی: «رێژەیەکی دیاریکراوی ئافرەتی بەتوانامان هەیە کە کارامەن و لە هەوڵی بەرەوپێش بردنی ئافرەتانیشن، بەڵام رێژەیان کەمە و ناتوانن ببنە فشارێك تا رۆڵیان لە ناوەندەکانی بڕیاردا پێبدرێت، پەراوێزخستنیشیان غەدرێکە لە پێگە و رۆڵی ئافرەتان کراوە، ناکرێت رۆڵ و گرنگی و تواناکانی ئافرەتان فەرامۆش بکەین، بەتایبەتی ئافرەتان ئەگەر لە بواری بەڕێوەبردن و ئیدارەدا رۆڵیان پێ بدرێت، بەدڵنیایەوە زۆر سەرکەوتوو دەبن و فاکتەرێکی بەهێزن بۆ کەمکردنەوەی رۆتین و گەندەڵی لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا، هیوادارم سەرجەم ئافرەتان بتوانن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خۆیان رێکبخەنەوەو بتوانن ببنە دەنگی راستەقینەی ئافرەتان و چیتر نەبنە رۆبۆتێکی ئالی و لە پێناو بەرژەوەندی پیاوان بەکاربهێندرێن.



**هەموو شتێک پانتایەکی سنووورداری هەیە لە قەوارەی باسکردن، تەنیا ئافرەت نەبێت کە بە جیهانیکی یەکجار بەهێز و و بەتوانا و جوان بێ سنوور پێناسە دەکرێن**

**بڕیارەکانی ئافرەت نەرمن و دوورە لە توندوتیژی نواندن، بۆ نموونە ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی ئاشتیخوازە و رقی لە شەڕ و ئاژاوە نانەوەیە، سیاسەتکردن لای ئافرەت سیاسەتیکی رەق و وشک نییە**

**یەکێک لە پێوەرە هەرە گرینگەکانی پێشکەوتن و دیموکراسی بەشداریکردنی ژنە لە سیاسەتدا و بەبێ ئەو بەشداریکردنە دەوڵەتێکی دیموکراسی دروست نابێت**